## کاتێک مێژوو خۆی دوبارە دەکاتەوە!؟ ... میر هۆشمەند

لە دێر زەمانەوە ئەم وتەیە باوە کە دەڵێت مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، مێژوو وەك کاریگەری و وەك کلتور تەنانەت وەك داب و نەریت بە باش و خراپیەوە دەکرێ پاش لەناو چوونی وەك دیاردە دیسانەوە سەرهەڵبدات و خۆی برازێنێتەوە، لەهەر سەردەمێکدا باو و مەیلی خەڵکان دەچێتە سەر بابەت و مەسەلەیەکی دیاری کراو و هەنێ شت لەبەر چاو ون و نادیار دەبن و مەیلیش نزیکی ناکەوێتەوە بەڵام ئەمە لەسەر نەوەی نوێ و داهاتوو هیچ ئەبێ و نابێیەك دروست ناکات و هەر ئەوەش دۆخی ئاسایی کۆمەڵگای تەندروستە، هەر بۆیە نابێت دستور یان یاساکانی وڵات ئەو ئەبێ و نابێیانەی کە رۆژێك لە رۆژان هاوڵاتی دەستنیشانیان کردوە دوور بن لە دەست کاری و ویستی هەمان هاوڵاتی و جەماوەر یان نەوەی نوێ کە دەکرێ و ئاساییە ویست وخواستی لە هەندێك مەسەلەدا جیاواز یان پێچەوانەی چەسپێنراو لە دستوردا بێت، بەهەمان شێوە ئەگەری پێداگرتن و دەست خۆشی هەیە لەو کۆشش و ماندوو بوونەی هەبووە لە رابردوودا.

لەم بارەوەش دوو نمونەی جیا دێنینەوە لە بارەی پەسەند کردنی بڕیارە کۆنەکە و پاشانیش لەسەر لادان لە بڕیارە کۆنەکان ئەمەش دەکرێ تێیدا زۆر پابەند نەبین بە هۆکاری کات و شوێنەوە، بۆ نمونەی یەکەم دەبینین لە کشوەری ئوستورالیا کەوا یەکێکە لەو وڵاتانەی داگیر کراون لە لایەن شانشینی بەریتانیاوە، لەهەمان کاتدا دیارە لای هەموان کە تائێستەش هەر بەو شێوە ماوەتەوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خواست و ویستی هاوڵاتیە جۆراو جۆرەکان و نەوە یەك لەدوای یەکەکان لەو کشوەرەدا، و لە نزیکترین راپرسیشدا کە ئەنجام دراوە بۆمانەوە لەگەڵ شانشینی بەریتانیادا یان جیا بوونەوە و سەربەخۆیی، دیارە کە هاوڵاتیان خواستە کۆنەکەیان تازە کردەوە و مانەوەیان لەگەڵ شانشین پەسەند کرد.

ئەمەش بە دڵنیاییەوە کوێرانە شوێن کەوتنی رابردوو و ترسان لە دەست کاری کردنی یاسا کۆنەکان نییە بەڵکو لە یەکتا بوونی هۆکار و ویست و خواستی ئەو ژمارە هاوڵاتییە دێت کە چۆن یەك مێژوو کۆیان ناکاتەوە بەڵام دیارە خواستەکانیان بە هەموو لایەکەوە لە مەسەلەکانی ژیان و خۆشگوزەرانی و تەنانەت لایەنە سیاسیەکەش لە یەك شێوە چارەسەردا دەبیننەوە، بۆیە ئاساییە بە نەخێر بۆ سەربەخۆیی دەنگ دەدەن و بەو پەڕی سەربەستیشەوە.

نمونەی دووەم یان ئەو نمونەیەی کە نیشان دەری ویستی جیاواز لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکیتر، و تەنانەت یەك نەوە بەڵام لە دوو کاتی جیاوازدا بەدی دەکرێ بەڵی بابەتی جیایی ئایین و دەسەڵات وەیان تێکەڵ نەکردنی ئایین و کاریگەری لەگەڵ بوارەکانی سیاسەت و حوکمڕانیدا کەوا لە سەردەمانێکدا لە رۆژئاوادا باوی هەبوە و تا ئێستەشی لەگەڵ بێت لە بابەتە لە پێشەکانە لە مەسەلەی حوکمڕانیدا، بۆیە دەبینین ئایین لە سیاسەت، و وەك مەیدانێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هیچ بوارێکی نییە یان پێی نەدراوە و تەنانەت بە نامۆش ناسێنراوە بەڵام لە چەند ساڵێکی رابردوودا دەبینین چەندان حزبی سیاسی ئایینی دەستیان بە کار کردوە کە بە راشکاوی باس لە ئەوە دەکەن حزبەکەیان حزبێکی مەسیحییە و سیاسیشە لە هەمان کاتدا و بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات هەوڵ دەدات و پێشکەوتنی باشیشیان بە خۆوە بینیوە لە چەند وڵاتێکی رۆژئاوادا، ئەمەش لە کاتێکدا کە ئەو حزبانە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە زۆرینەی هەڵگری ئایینی مەسیحین هاوشانی

چەندان ئایینی جۆراو جۆری لە خۆ گرتوە، كەچی هەرگیز كەسێك لە هەڵگرانی بیرۆكەی عەلمانیەت یان بانگەشەكەرانی تۆكمەیی كۆمەڵگا نەهاتوون و باسیان لەوە نەكردوە كە بوون و كاركردنی لەم جۆرە حزبانە و لەسەر بنەمای ئایینی كار دەكاتە سەر پەرتەوازەیی كۆمەڵگا و تاكەكانی كۆمەڵ تووشی توند و تیژی و رقەبەرایەتی دەكات و بنەماكانی عەلمانیەت لەكەدار دەكات، بەڵكو ئەو حزبانەش خۆیان بە هەڵگری ئالای عەلمانیەت دەزانن و هیچ جۆرێ لە پێچەوانە بوونی تێدا نابینن لە گەلێ بنەماكانی عەلمانیەت لە رۆژئاوادا.
بە پێچەوانەی رۆشنبیرانی بواری عەلمانیەت لە مەملەكەتی كوردانداو زۆر جاریش سیاسیە بێ ئاگاكان لەگەلێ ئەوەشدا كە دارا ئەلف و بێی عەلمانیەتیان لە رۆژئاواوە وەرگرتوە كەچی دیارە باش شیتەڵیان نەكردوە و جار و بار باس لەوە دەكەن كە حزب لە سەر ئەساسی ئیسلامی بوون نابێ لە كوردستاندا كار بكات چونكە وڵاتی ئێمە خاوەنی زۆرینەی موسڵمانە و ئەو حاڵەتە رق و دوو بەرەكی لە نێوان لایەنەكانی كاری سیاسەتدا دروست دەكات و مەترسی دروست بوونی ناكۆكی لێوە دەكرێ، بێ ئاگا لەوەی كە مامۆستاكانیان لە بیردۆزەكەیاندا چاكسازیان كردوە دەبێت ئەمانیش بەخۆیاندا بچنەوە بۆئەوەی لە كاروان دوا نەكەون.
بگەرێینەوە سەر نمونەكەی دووەم و دەنگ دان بە پێچەوانەی مێژوو وەك ئەوەی لەم چەند رۆژەدا بینیمان لە دەنگ دانی زۆرێك لە هاوڵاتیانی ئەڵمانیا بۆ سەرخستنی حزبی دیموكرات مەسیحی و زۆر بە ئازایانەشەوە ركەبەری حزبی دەسەڵات دەكات و كەسیش نكۆڵی لە لێهاتوویی و كارامەیی ئەو حزبە نییە و مێژووی سەروەری ئەو حزبە ئایینییەش شاهیدی ئەوەیە، بەهەمان شێوە ئەنجامەكانی هەڵبژاردن لە توركیای دراوسێمان كە رۆژانێك بوو عەلمانیەكان لە پێشەوە بوون و ئێستەش حزبێكی خاوەن مەرجەعیەتی ئیسلامی سەرۆكایەتی حكومەتێك خاوەن دستوری عەلمانی دەكات، چەندان نمونەی تریش هەیە لەو جۆرە گۆرانە لە بیر و رای خۆی بەرانبەر كار بەدەستانی و ئەو جۆرە رژێمەوە كە پێویستیەتی.
لێرەدا دەمەوێ شتێك یادی خوێنەر یان رۆشنبیری كوردی بخەمەوە، ئەویش ئەوەیە كە سیاسی و تێكۆشەرانی مەیدانی سیاسەت دەبێ لە ململانێ و ركەبەرایەتیدا لە گەلێ هەر لایەنێك و رۆشنبیران و بانگەوازكەرانی هەر بەرنامەیەك بن، دەبێ باش ئەوەیان لەبیر بێت كە لە ئامادەباشیدا بن بۆ ئەو رۆژەی مێژوو خۆی دووبارە دەكاتەوە، بۆیە لە پێناو لەدەست نەدانی مەیلی جەماوەر لە لایەك و راستی بانگەشەكانمان لە لایەكی تر هەرگیز بە شێوەیەك پالێ بە مێژووەوە نەنێین كە ئەگەر جەماوەر ویستی بەرەو مێژوو گۆرێ، كاربەدەستان نەزانین چۆن لەگەڵیا هەڵكەن و ئەوەندەش بانگەشە بۆ گۆران بكەین ئەگەر خراپاندمان بتوانین بڵێین هەڵەمان كرد و جەماوەریش بتوانێ لێمان خۆش بێت.